# "لیستی بەڕێزان (جەلالو مەسعود) لیستی ڕابوردووەو نەگبەتی زۆری بۆ کورد پێبووەو دەبێت گەلی کورد خۆی لێ دەربازبکات

## ئەیوب بارزانی بۆ لڤین



بنەماڵەی مەلا مستەفا ماندوودەکات

گفتوگۆی لڤین

**لڤین: ئێستا کە سەروەختی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی کوردستانە، یەکێتیو پارتی بە یەک لیست دابەزیونو دەیانەوێت پێکەوە هەڵبژاردن ببەنەوە، ئێوە خوێندەوەتان بۆ ئەم هەنگاوە چییەو پێتانوایە ئەم سیاسەتەیان، بۆ «پاراستن»و «پێشخستنی دیموکراسی»و «خۆشگوزەرانیی زیاتر»ە، یاخود گرێدراوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەو دەیانەوێت بوار بە هاتنەئارای هێزی دیکە نەدەن؟**

ئەیوب بارزانی: هۆکاری لیستی هاوبەشی یەکێتیو پارتی، ترسە لە نزیکبوونەوەی قۆرخکردنی دەسەڵاتی مادیو سیاسی لە کوردستان. هەروەها ترسیشە لە ململانێی دیموکراسی. ئەم رەفتارە دەسەڵاتخوازییە سەرچاوەی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردییەو ڕێگرە لەبەردەم گەمەی دیموکراسیو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پەراوێزخستنی توێژی گەنجان. لەلایەکی ترەوە، ئەم هاوپەیمانییە لەپێناوی پارێزگاریکردنە لە دەسەڵاتە، کە هۆی پەککستی پەرلەمانو حکومەت بووەو کۆمەڵگەیەکی دروست کردووە کە بۆ هەندێک بەهەشتو خێر بێت. بەشێکی زۆری هاوڵاتیانیش لە خێرو بێری وڵات بێبەش بوون. دیارە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە گونجاو نییە.

**لڤین: بەردەوام یەکێتیو پارتی لە ساتەوەختی دروستبوونی دەنگی جیاوازو بۆچوونی جیاوازدا، خۆیان دەخەنە چێوەی شۆڕشگێڕییەوەو ئەوانی دیکە بە حازرخۆر وەسفدەکەن. بە بڕوای تۆ، هۆکاری ئەم ئاوڕدانەوەیە بۆ دواوە چییەو ئەم شەرعیەتوەرگرتنە لە رابردووەوە تا کوێ بڕەدەکات؟**

ئەیوب بارزانی: ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، ئێستا من خەریکی بڵاوکردنەوەی کتێبی سێیەمم دەربارەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەل کورد لەنێوان ساڵانی (١٩٥٨- ١٩٧٥). ئەوەی دەیبینم ئەوەیە نابێت گومانمان لەوە هەبێت، کە ئەو سەرکردایەتییە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردد، لە ئاستی لێپرسراوێتیی مێژووییدا نەبووە. ئەم سەرکردایەتییە لە کاتی تەنگانەدا گەلی کوردی بە جێهێشتووەو بە کۆکردنەوەی پارەیەکی زۆرەوە بەرەو دەرەوەی سنوور رایکردووە. ڕۆژێک لە ڕۆژان نەبوو ئەم سەرکردایەتییە بڕوای بە شەرعییەتو مومارەسەری دیموکراسی هەبووبێت، مێژوویان پڕیەتی لە هەلپەرستیی نەتەوەییو ئەو دروشمانەش کە بەرزیان کردووەتەوە، تەنها بۆ رەواجپێدانی بازاڕیان بووە. ئێمە چیمان لە دروشمی (کوردستان یان نەمان) دەستکەوت؟ ساڵی (١٩٧٥) کوردستانیان بەجێهێشتو دوور لە کوردستان ژیانیان گوزەراند. بەدڵنیاییشەوە دروشمی بەرگریکردن لە نەتەوە، پیشەیەکی قازانجبەخش بووە بۆیان. بەبێ لێپێچینەوەو چاودێریکردن هیوادارم لە هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستاندا خەڵکی کوردستان ئەم دەسەڵاتەی حوکمی کۆنەپەرستیو بنەماڵەی گەندەڵو سەرچاوەی گەندەڵییەکانی کۆمەڵگە، رەتبکەنەوە. شەرعیەت لە هەڵبژاردنێکی پۆخڵدا، کە سەرکردایەتیی دوو حیزبەکەی تێوە گلاون، نایەتەدی، بۆ نموونە: سەرۆکی لیستی چاکسازیی کوردستان ژمارە (٥٦) کە د. عەبدولمسەوەر بارزانییە، لەلایەن کەسێکەوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرێت کە ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو زەوییەکی پڕ خێرو موباحە، کە خواپێداوەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار بە ویستی خۆیان بەکاریبهێننو

دەبێت سنوورێک بۆ ئەم بەتاڵانکردنەی کوردستان دابنرێت. ئەمە ئەرکی هێزە گۆڕانخوازەکانە

**لڤین: نەوشیروان مستەفاو رەوتەکەی (گۆڕان)، ئێستا لە میدیا جیهانیو ناوخۆییەکاندا، گرنگییان پێدەدرێتو لێکدانەوەی جۆراوجۆریشیان لەبارەوە دەکرێت. زۆرێکیشیان پێیانوایە رکابەری سەرەکیی «لیستی کوردستانی»یە. بە بۆچوونی تۆ، ئەو هۆکارانە چین وادەکەن ئەم لیستە بتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ لیستی کوردستانیدا بکاتو گۆڕان لە دۆخی سیاسیی کوردستاندا بهێنێتە ئاراوە، بە پێچەوانەشەوە؟**

ئەیوب بارزانی: ئەو بزووتنەوەیەی کە نەوشیروان مستەفاو بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرە دڵسۆزەکان خستوویانەتە گەڕو پێشەوایەتیی دەکەن، دژی گەندەڵکاریی سەرکردایەتیی ئێستا وەستاونەتەوە، ئەوە رەنگدانەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردییەو گوزارشت لە هۆشیاریی جەماوەر دەکات. لە کاتێکدا دەبینێت کە ئەو قوربانیی داوە، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە لە بەروبوومی تێکۆشانەکەی بخوات. هێز لە جەستەی کۆمەڵگەوە بۆ هیواو ئاواتەکانی گەلی کورد وەردەگرن، لەپێناوی چەسپاندنی داوەریی کۆمەڵایەتیو بە دیموکراسیکردنی ژیانی سیاسیو گشتی لە وڵاتدا. هێنانەکایەی گۆڕان لە جیاتی وەستانو کۆتاییهێنان بۆ قۆرخکاریی بنەماڵەی گەندەڵو لە کاتی قۆرخکاریی سامانو سەروەتی وڵاتو رێزنەگرتنی پرەنسیپە دیموکراتییەکانو سەپاندنی حوکمی پۆلیسی بەسەر بەهاکانی گەلدا لەلایەن بنەماڵەکەیەوە. ئەگەر بزووتنەوەی بەرەنگاریو کەسانی بوێر دەرنەکەون، کەواتە ئەو کۆمەڵگەیە توخمی وەستانەوەی دژ بە زوڵمو زۆرداری لەدەستدەدا. بەڵام سوپاس بۆ خوا، کۆمەڵگەی ئێمە لەم رووەوە ئومێدی خێری لێدەکرێتو لە ئێستادا هێزگەلی بوێر پەیدابوون کە لەپێناوی پاککردنەوەی ماڵی کورد لە دیکتاتۆرییەتو گەندەڵی، هەموو سەختییەکی تێکۆشان لەئەستۆ دەگرنو دەبێت ئەم هێزە نەتەوەییە پێشکەوتنخوازە بەرفراوان بکرێت، تاوەکو ناوچەی بادینانیش بگرێتەوە، وەکو ناوچەکانی (ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ، دهۆک، بارزان). چونکە سەرکردایەتیی (پ.د.ک) بە هەموو جۆرە میکانیزمێکی ترساندنو تۆقاندنەوە دەیەوێت هەموو دەرگاکانی هاتنەناوەوەی کاریگەریی رەوتی گۆڕانی دیموکراتیخواز دابخات، بۆ ئەوەی بەم ناوچانە نەگەن.

دەبێت بە راشکاوی ئەوە بڵێین کە لیستی بەڕێزان (جەلالو مەسعود) کە لیستی رابردووەو نەگبەتیی زۆری بۆ کورد پێبووەو دەبێت گەلی کورد بەرەو ئەوە بچێت کە خۆی لێ دەرباز بکات. بەڵام نموونەی کەسانی وەکو نەوشیروان مستەفاو جەوهەر نامیق زۆر گرنگ بوو کە لە قەفەزی حیزب هاتنە دەرەوەو پەیوەندییان بە جەماوەرەوە کرد، کە بووە سەرەتای قۆناغێکی نوێی خەباتکردن لەپێناوی دادپەروەریو دیموکراسیەتو پاککردنەوەی ماڵی کرورد لە زوڵمو گەندەڵی.

**لڤین: تۆ لە چەند شوێنێکدا ئاماژەت بۆ ئەوە کردووە، کە مێژووی بارزانو بارزانییەکان تووشی چەواشەکاری بووەو شێوێنراوە. لە گفتوگۆیەکیشدا باست لەوە کردووە کە بەشێکی زۆر لەو کتێبانەی لەبارەی کەسایەتیی مەلا مستەفای بارزانییەوە نووسراون، کتێبی بازاڕیو ئاستنزمن، دەتوانیت زیاتر لەمبارەیەوە بدوێیت؟**

ئەیوب بارزانی: ئەوە راستە مێژووی بارزانی لەپێناوی سەرکردایەتیکردندا شێوێنراوە، تا ئێستا مێژووی بارزانی لە کوردستاندا روون نییە. هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی هەرچی شتی باشی بارزانییە، بەناوی مەلا مستەفاوە تۆمار بکرێتو کەسی تر بایەخی نییە. وەکو ئەو کتێبەی مەسعود دەربارەی باوکی نووسیویەتیو لەم ماوەیەی پێشووشدا کتێبێک دەربارەی ژیانی مەلا مستەفا بە هاوکاریکردنی مادیو تەکلیفی کوڕانی مەلا مستەفا نووسراوەو داوا لە نوسەرێک کراوە کە دەربارەی مەلا مستەفاو مەسعود بارزانی بنووسێت. زانیاریو وێنەی زۆریش بە نووسەرەکە دراوە. ئەم دوو کتێبە پڕە لە ستایشو گەورەکردنی کوڕو باوکو دوای تەواوبوونی نووسینی دوو کتێبەکە، دەزگای راگەیاندنی پارتی دەستی کرد بە ریکلامکردنێکی چڕ بۆ دوو کتێبەکەو دانەرەکەیو دواتر بەڵگەنامە رەسمییەکان ئەوەیان سەلماند، کە ئەم نووسەرە هەڵبژێردراوەی کوڕانی مەلا مستەفا، سیخوڕی بەغدا بووە. ئێستاش کۆمەڵێک دەربار لە دەرباری دەسەڵاتی بارزانیدا هەن، کە ئیشیان تەنها گەورەکردنی بارزانیو مەسعودی میراتگرێتی. ئەوانەی ئەم کارەش دەکەن، لە خۆشەویستییانەوە بۆ ماڵی بارزانی نییە، بەڵکو لەپێناوی ئەو پارەیەدا دەیکەن، کە لە بودجەی هەرێم پێیان دەدەرێت. دەسەڵاتی گەندەڵ تەنها ئیدارەی گەندەڵ بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو مێژووی گەندەڵیش بەرهەم دەهێنێت.

**لڤین: یەکێتیو پارتی، بەتایبەت خودی سەرۆکی هەرێم دەیانەوێت لە هەڵبژاردنەکەی تەممووزدا، دەستوور تێیپەڕێننو دەنگی لەسەر بدرێت. لە بەرامبەردا هەندێک لە چاودێرانی سیاسیو کەسایەتییە سیاسییەکانو میدیای ئازاد تێپەڕاندنی بە «ترسناک» وەسفدەکەنو دەڵێن دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم نیمچەڕەهایەو رێگە بۆ سەردەرهێنانی دیکتاتۆر خۆشدەکات. تۆ لەمبارەیەوە چی دەڵێیت؟ یان ئەم دەستوورە لە ئێستا گرنکییەکی ئەوتۆی هەیە کە وا بەزوویی تێیپەڕێنرێتو مەبەست لەم هەنگاوەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار چییە؟**

ئەیوب بارزانی: هەموو ئەوەی کە سەرکردایەتیی ئێستای کورد دەیکات، لەپێناوی درێژەپێدانی دەسەڵاتی خۆیدایە. سیاسەتی خۆی لەسەر کۆمەڵێک ئەگەر بونیات دەنێت، ئەگەر لە یەکێکیشیاندا شکستی خوارد، دەیەوێت لە دووەم یان سێیەمیاندا سەرکەوتوو بێت.

لەم پێناوەشدا گەلی کوردیان لە گۆماوی سەرئێشەکاندا باداوە. لە تێڕوانینی ئەواندا، ئەگەر لیستی بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەماندا دۆڕا، ئەوا لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمدا قەرەبووی بکەنەوەو ئەوەشیان لە دەستووردا چەسپاندووە، کە مافی مانەوەی تا قیامەت وەکو بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە شێوەی میرنیشینانی کەنداودا، هەبێت.

لەو رووەوە دەبێت خەڵکی کوردستان ئاگاداری ئەم پیلانە ئاشکرانەکراوە ترسناکە بن. ئەوەمان بینی کە چۆن پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو حیزب بوونی نەماوەو بووە ئامێرێک بۆ خزمەتکردنی بنەماڵەی فەرمانڕەواو ئەوەشمان بینی کە چۆن پەرلەمان ملکەچ بوو، تا ئەو رادەیەی کە میسداقییەتی خۆی لەدەست دا. هەروەها ئەو هەموو تالانیو گەندەڵیو فەسادەمان بینی کە کۆمەڵگەی کوردیی تەنیوەتەوە. وەکو چۆن ئەوەش دەبینین، کە هێزی گۆڕانی چالاک لە ئەمڕۆدا دژی ئەو گەندەڵییە دەوەستێتەوە.

ئەو دەستوورەی کە ئەوان دەیانەوێت، رێک ئەو ئامانجەی سەرۆکی پارتی دەهێنێتە دی، کە سەرکردایەتیو دەسەڵاتی بنەماڵە لە دەستووردا بسەپێنێت بە شێوەیەک لە شێوەکان. بۆیە پێویستە شکست بەم ئامانجە ترسناکە بهێنین، پێش ئەوەی لە داهاتوو باجی گەورەی بۆ بدەین. ئێمە پێویستمان بە دیموکراسییەتو ئازادییە گشتییەکانو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵگەیەکی تەندروست بونیات بنێین، کە نەوەکانمان بە ئاسوودەییو ئارامیو ئازادی تێیدا بژین. ئەمەش جێبەجێ نابێت بە بەردوامبوونی ئەو سەرکردایەتیکردنەی ئێستا، کە کەرامەتو بەهاکانی ئێمەی کۆنترۆڵ کردووە.